Barnmorskemottagningar
Patientinformation QuantiFERON-screening för tuberkulos (TB) översatt till sorani
Datum: 2025-07-03

# سکرینکردنی کوانتیفێرۆن بۆ سیل (TB)

## بۆچی پێشنیارێکت پێشکەش کراوە کە  تێستی کوانتیفیرۆنت QuantiFERON بۆ بکرێت؟

چاودێری تەندروستی دایکان لە سوید ئەم تێستە پێشکەش بە هەموو ئەو ئافرەتە دووگیانانە دەکات کە لە وڵاتانێکەوە هاتوون کە ڕێژەی توشبوون بە نەخۆشی سیل (TBC یان TB)ی تیادا زۆرە، بۆ ئەوەی بە وەرگرتنی پروڤی خوێن بپشکنرێن. هەروەها ئەم پشکنینە پێشکەش بەو ژنە دووگیانانەش دەکرێت کە لە کەمپی پەنابەراندا بوون یان لە ژینگەیەکی تردا ژیاون کە مەترسی تووشبوونیان بە نەخۆشی سیل زیاتر لەسەر بووە.

## نەخۆشی سیل (سیل TB) چییە؟

سیل هەوکردنێکە کە بەهۆی بەکتریاکانی سیلەوە دروست دەبێت. زۆربەی کات سییەکان توش دەبن، بەڵام ڕەنگە بەشەکانی تری جەستەش دوچاری  نەخۆشیەکە ببن.

نەخۆشی سیل لە بەشێکی زۆری جیهاندا بڵاوە و نەخۆشییەکی جیددییە. لە سوید ساڵانە نزیکەی 700-600 کەس نەخۆش دەکەون. زۆربەی ئەوانەی لێرە نەخۆش دەکەون کەسانێکن کە لە دەرەوەی سوید لەدایک بوون.

## نەخۆشی سیل چۆن دەگوازرێتەوە؟

VÄSTRA GÖTALANDSREGIONEN

نەخۆشی سیل لە کەسانی گەورەوە دەگوازرێتەوە کە سیلێکی چالاک لە سییەکانیاندا هەیە. بەکتریاکان لە ڕێگەی هەواوە بڵاودەبنەوە کاتێک کەسێک دەکۆکێت و کەسێکی تر ئەو دڵۆپە بچووکانە لە هەواوە هەڵدەمژێت کە بەکتریاکەیان تێدایە.

نەخۆشی سیل بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕێگەی بەرکەوتنی نزیک و درێژخایەنەوە دەگوازرێتەوە.

## جیاوازی چییە لە نێوان تووشبوون بە نەخۆشی سیل و نەخۆشکەوتن بە نەخۆشی سیل؟

ئەو کەسانەی نەخۆشی سیلیان هەیە، ژمارەیەکی زۆر لە بەکتریا بە چالاکی لە جەستەیاندا هەیە. لە باری ئاساییدا نیشانەکانی نەخۆشییەکە کە بریتییە لە (کۆکە، دابەزینی کێش و تا)یان هەیە. ئەگەر نەخۆشی سیل چارەسەر نەکرێت، لەوانەیە بەکتریاکان بجوڵێن و هێرش بکەنە سەر ئەندامەکانی تری لەش.
چارەسەرنەکردنی نەخۆشی سیل ڕەنگە ببێتە هۆی زیانپێکەوتنی هەمیشەیی جەستە و مردنی لێبکەوێتەوە.

ئەو کەسەی تووش دەبێت بەڵام نەخۆش ناکەوێت، ئەوا نەخۆشییەکە لە جەستەیدا بە شاراوەیی دەمێنێتەوە کە پێی دەوترێت سیلی (متبوو) . لەو حاڵەتەدا ژمارەی بەکتریاکان زۆر کەمترە و لە جەستەدا چالاک نین.

کەسی تووشبوو نەخۆش نییە و کەسانی تریش تووش ناکات. بەڵام لەوانەیە دواتر لە ژیانیدا بەکتریاکان چالاک ببنەوە و لە ئایندەدا کەسەکە نەخۆش بکەوێت. بۆیە دەکرێت دەرمان بدرێت بە کەسانی تووشبوو بۆ ئەوەی دواتر نەخۆش نەکەون، ئەمەیە پێی دەگووترێت چارەسەر بۆ ڕێگریکردن. ئەمەش بە تایبەتی لە کاتی دووگیانیدا گرنگە، چونکە ژنانی زەیستان مەترسی زۆرتریان لەسەرە کە لە شێوە (متبوو)ەکەوە بگۆڕڕێت بۆ شێوەی چالاک و ژنەکە دوچاری نەخۆشی سیل بکات. ڕەنگە لەو حاڵەتەدا ژنەکە منداڵە لەدایکبووەکەشی تووش بکات، ئەمەش ڕەنگە دەرەنجامی قورسی لێ بکەوێتەوە.

## بۆچی تێستی کوانتیفیرۆن QuantiFERON دەکرێت؟

دەکرێت تێستی - QuantiFERON هەردوو جۆرە سیلەکە چالاک کە دەگوێزرێتەوە و و سیلی (متبوو) ئاشکرا بکات. پێویستە سیلی چالاک دەستبەجێ چارەسەر بکرێت. هەروەها گرنگە ئەو ئافرەتە دووگیانانەش بدۆزرێتەوە کە هەڵگری نەخۆشی سیلی متبوون، چونکە هەندێک جار پێویست دەکات چارەسەری ڕێگر بە دەرمان وەربگرن. زۆربەی کات ئەم چارەسەریە پاش دووگیانی دەدرێت. ئەمەش

مەترسی تووشبوونی ئافرەتەکە بە نەخۆشی سیلی چالاک کەم دەکاتەوە، هەروەها مەترسی لەسەر نەخۆشکەوتنی کۆرپەکەش کەمدەکاتەوە.

## چۆن تێستی QuantiFERON ئەنجام دەدرێت؟

لە بنکەی پێشوازی مامان پروڤی خوێن لە قۆڵ وەردەگیرێت. پروڤەکە لە تاقیگەدا شیکاری بۆ دەکرێت و مامانەکەت لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا ئەنجامەکەی وەردەگرێتەوە.